# ئەو پرۆژانەی کە
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# لەساڵی ١٩٨٤دا پێشکەشی حکومەتی عیراقی
# کردووە

- ✓ کۆتایی هێنان بەبارودۆخی نائاسایی کوردستان
- ✓ پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان
- ✓ یاسای هەموارکراوی ئۆتۆنۆمی کوردستان
- ✓ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوک

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ٢٠١٢

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

ئەو پرۆژانەی كە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەساڵی ١٩٨٤دا پێشكەشی حكومەتی عیراقی كردووە

بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢
چاپی دووەم
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كێبخانەی گشتییەكان
(١٩٨٩) ساڵی ٢٠١٢
دیزاین: هەرێم جەزا
تیراژ: (٢٥٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٤٨٩)

# پێشـــەکی

لەکۆبونـــەوەی ســـەرکردایەتیی یـــەکێتیی نیشـــتمانیی کوردستاندا لەگونـدی ئـاوەژێ لەناوچـەی مەرگـە لەسـاڵی ١٩٨٤دا بڕیـار درا دیـدو تێڕوانینـی یـەکێتی سـەبارەت بـەگفتوگۆ بەشـێوەی پـرۆژە بخرێتـە بـەردەم حکومـەتی عـیراق بۆئـەوەی وتووێژی لەسەر بکرێت.

بۆ ئـەو مەبەسـتە چـوار پـرۆژە سـەبارەت بـەکۆتایی هێنـان بەبارودۆخی نائاسایی کوردستانو پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنـــۆمی کوردســـتانو یاســـای ئۆتۆنـــۆمی هـــەموارکراوی کوردستانو ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك بەزمانی عەرەبی ئامادەکرانو پێشکەش بەحکومەتی عیراق کران.

لـەدوای ئـەوەی گفتوگـۆی نێـوان یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراق لە١٥ی کانونی دووەمـی ١٩٨٥ بـەبێ ئـەنجام کۆتـایی هـاتو شـەڕ لـەنێوان هـەردوولادا دەسـتی پێکـردەوە، هەرچـوار پرۆژەکـە سـەبارەت بـەگفتوگۆ وەك دیکـۆمێنتی مێـژوویی کـران بـەکوردیو لەچـاپخانەی شـەهید برایم عەزۆ لەدوتوێی نامیلکەیەکدا چاپ کران.


ســـــەرەتای ئەمســـــاڵ دەقـــــی هەرچـــــوار پرۆژەکـــــەمان لەناميلكەيەكـدا بـەزمانی عـەرەبی بڵاوكـردەوە. بەپێويسـتمان زانی دەقە كوردييەكەش لەم ناميلكەيەدا بڵاوبكەينەوە.

بڵاوكردنەوەی ئەم ناميلكەيـە لەچوارچێوەی پرۆژەيـەك بـۆ ئەرشـــيفكردنی ئـــەدەبياتی يـــەكێتيی نيشـــتمانيی كوردســـتان بەڕێوە دەچێ‌و ئـەم ئەركـە بـەپێی بڕيـاری كـۆنگرەی سـێيەمی يـــەكێتی بەئـــەكاديمياى هۆشـــيارى‌و پێگەيانـــدنی كـــاديران ســـپێردراوەو لـــەو ڕووەوە پـــەيڕەوی نـــاوخۆی پەســـەندكراوی كۆنگرە لەماددەی ٦٥دا جەختی لەوە كردۆتـەوە كـە ڕێكخسـتنی ئەرشيف‌و ديكۆمێنتكردنی مێژووی يەكێتی يەكێ لەئەركەكانی ئەكاديميايە.

**ئەكاديمياى**

**هۆشيارى‌و پێگەياندنی كاديران**

**٢٠١٢/٩/٢٤**


ئەو پرۆژانەی کە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
داویە بە حکومەتی عێراقی

گۆڕانی هێنان بە بارودۆخی نائاسایی کوردستان
پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان
یاسای ئۆتۆنۆمی گوزەرادی کوردستان
ئاسایی کردنی بارودۆخی شاری کەرکوک

**بەرگی چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥**
**لەئەرشیفی کاك یوسف محەمەد بەرزنجی وەرگیراوە**

ئەمە دەقی ئەو پرۆژانەیە کە ی.ن.ك ئاڕاستەی دەوڵەتی عێراقی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەری. هەرچەند لەڕاستیدا ئەو پرۆژانە (تعبیر) لەتەواوی خواستەکانی گەلی کورد ناکەن، بەڵام کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرەو نزیك بوونەوە لەچارەسەرکردن دەبات و هاوخەباتی گەلانی عێراق دەپاریزێ.

پرۆژەکانیش بریتین:

١- کۆتایی هێنان بەدۆخی نائاسایی کوردستان.

٢- پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان.

٣- یاسای ئۆتۆنۆمی هەموارکراوی کوردستان.

٤- ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك، بەجۆرێك کەببێتە شاری برایەتیو هاوخەباتی نێوان کوردو عەرەبو تورکمانو پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق.

**یەکێتیی نیشتمانی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی**

**ئاسایی کردنەوەی دۆخی کوردستان بەکۆتایی هێنـان بـەدۆخی نائاسایی**

١- بـــەلێبوردنی گشـــتی لـــەتێکڕای زیندانـــە سیاســـیو دەستبەسـەرو سـەربازە راکردووەکـانو پەنابـەرە سیاسـیەکانو هەموو ئەوانەی چونەتە ریزی هێزی پێشمەرگەوە، چ کـوردو چ ئەوانــەی کـورد نـین. لەمــەدەنیو ئەفسـەرو سـەربازی هێـزە چەکدارەکان (ئەمەش هەموو هیزەکانی سوپا، پۆلیس، ئـەمنو پاسەوانی سنور ئەگرێتەوە) بەمەرجێك ئـەم لێبوردنـە تێکـڕای جۆرەکـانی سـزا بگرێتـەوە، واتـە (العقوبـات الاصـلیة والتبعیـة والاثـار المدنیـة). هـەروەها لابردنـی بڕیـاری (حجـز) لەسـەر خانووبەرەو سەروەتو سامانیانو هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دەســـت بەســـەراگرتنیان، پێویســـتە تـــەعویزی تـــەواوی زەرەرمەنـــدەکانیش بـــدریو تێکـــڕای مافـــەکانیان بـــۆ بگەڕێنرێتـەوە، هـەروەها ئـازادکردنی تێکـڕای بەنـدکراوەکان. کەئەم لێبوردنە ئەیان گرێتەوە لەبەندیخانەو شوێنەکانی تردا.

٢- گەڕاندنـەوەی هـەموو فەرمانبـەرو موچـەخۆرو کرێکـارو ئەوانـەی کەسـەر بـەهێزە چـەکدارەکانن لەئەفسـەرو سـەربازو پـــۆلیسو هێزەکـــانی ئـــەمنو پاســـەوانی ســـنور، هـــەروەها گەڕاندنـەوەی دەرکـراوو خانەنشـینکراوەکانو هـەموو ئەوانـەی

لەبەر هەر هۆیەکی سیاسی لەسەرکار لابراون بۆ سەرئیشو کارەکانی پێشویان، حسابکردنی سەرجەمی کاتی دورخستنەوەیان لەکار. لەبەرزبونەوەی پلەی کارو زیادبوونی مووچەیان.

٣- تێکرای ئەو فەرمانبەرو موچەخۆرو کرێکارانەی نەقڵ کراون بۆ سەرکارێکی تر کەپەیوەندی بەکارەکانی پێشویان نیە، یان بۆ دەرەوەی پارێزگاکانی خۆیان لەسنوری ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیو پارێزگاکانی تری عێراق بگەڕێنەوە سەرکارەکانی خۆیان.

٤- گەڕاندنەوەی قوتابیە دەرکراوو بەندکراوو هەڵاتووو پەنابەرەکانو هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە ه.پ.ك ەوە کردووە بۆ قوتابخانەو ئامۆژگاو زانکۆکانیان. ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆیانو حیسابنەکردنی ئەو ساڵانەی کە لەخوێندن دابڕاون بە (سنوات رسوب).

٥- وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لەتێکرای قوتابخانەو ئامۆژگاو دەزگاکانی پەروەردەو زانستو زانکۆ مەدەنیو سەربازییەکان. هەروەها وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لەهەموو (زەمالەو بعثةو اجازە دراسیەکانی) ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا بەبێ جیاوازیو بە پێی لێهاتوویی.

٦- گەڕاندنەوەی هەموو خەڵکانی لادێو قەزاو ناحیە کوردنشینەکان کە بۆ ناوچەکانی دەرەوەو ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی راگوێزراون، گەڕاندنەوەیان بۆ دێهاتو ناوچە ئەسڵیەکانی خۆیان بەپێی جەدوەلێکی کاتیو بژاردنی عادیلانەی زەرەرەکانیانو پێش خستنی ناوچەکانیان بەمسۆگەرکردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ ئەوەی بەپێی توانای سروشتی کشتو کاڵو ئاژەڵداریو پەلەوەرو پیشەسازی سووکو گەشتو هاوینەهەوار، بۆ ئەوەی لەمەسەلەی ئاسایشو بەرگری نیشتمانداو بۆپێش خستنی ئابووری تێکڕای وڵات کەڵکی لێوەربگیرێ.

٧- گەڕاندنەوەی تێکڕای ئەو عەرەبانەی کە لەکوردستاندا نیشتەجێ کراون بۆ شوێنی ئەسڵی خۆیان.

٨- ئازادکردنی بارزانیەکانو گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەمەرجێك هەردوو بڕگەکانی ١و ٢ی بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە بیان گرێتەوە.

٩- ئازادکردنی کوردە فەیلیەکانو رێگە پێدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان یان ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بەمەرجیك هەردوو بڕگەکانی ١و ٢ی بەشی یەکەمی بەیاننامەیە بیان گرێتەوە.

١٠- جێبەجێکردنی یاسای ریفۆرمی کشتو کاڵ لەکوردستانداو دەسکاریکردنی بەجۆرێکی وا کەلەخزمەتی جوتیاردابێو کۆتایی بە پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی بهێنێ، بەجۆریك جوتیاران ببنە خاوەنی زەویو باجی زەوییان لەسەر لاببرێ کەبەدرێژایی ماوەی پێشو لەسەریان کەڵەکە بووە.

١١- دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد بەچەشنێکی وا، کەکیانی تایبەتی خۆی هەبێو یاسای ژمارە ١٨٣ی ساڵی ١٩٧٠ کۆڕی زانیاری کورد جارێکی تر پەیرەو بکرێتەوەو لەسەر ئەم بناخەیە یاسای ئێستای کۆڕی زانیاری عێراق دەسکاری بکرێو کۆڕی زانیاری کورد بۆ پایتەختی ئۆتۆنۆمی بگوێزرێتەوەو وەکو ئەندامێکی کۆڕی زانیاری عێراق حساب بکرێ.

١٢- بڕینەوەی موچەی تایبەتی بۆ تێکڕای شەهیدانی کوردستانو پەککەوتەکان، دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ خێزانەکانیان، بەپێی یاسایەکی تایبەتی، هەروەها هاوتاکردنیان لەگەل تێکڕای شەهیدانی عێراقو نیشتمان.

١٣- بەشداربوونی کورد لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا بەبێ ئەوەی لەمەسەلەی ئەرکە گشتییەکاندا بەمەنصەبە گرنگەکانی دەوڵەتیشەوە وەکوو وەزارەتو سەرکردایەتی سوپاو هی تر جیاوازییان لەگەڵدا بکرێ. ئەبێ لێرەدا لێهاتوویی رەچاو بکرێ.

١٤- دان نـان بـەمافی گـەلی کـورد لەپێکـەوەنانی ڕێکخـراوە سیاسـیو پیشـەییو ڕۆشـنبیریو کومەڵایەتیەکانـدا وەکـو ڕێکخـراوی لاوانو مامۆسـتایانو قوتابیـانو.... هتـد (هـەروەك چۆن لەبەیاننامەی ئازاردا هاتووە).

١٥- لابردنـی ئابلۆقـەدانی ئـابوری ناوچـەی کوردسـتانو نەهێشتنی پسولەی ئازوقە وەرگرتنو دابینکردنی هەمو جۆرە پێداویستیەکانی ژیان بۆ ناوچەی ئۆتۆنـۆمیو سـزادانی قورسـی قاچاخچـێتیو هـەمو ئەوانـەی دەسـت بەسـەر ئازوقـەی گەلـدا ئەگرن.

١٦- گێڕانەوەی خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەو گەشـەپێدان بـە ناوچـەی کوردسـتان بـەپرۆژەکانی ئـاودێریو بەسـتو کشـتوکاڵو کارەبـاو پیشەسـازیو مـەجاریو ئـاوو ڕێگـەوبانو پـردو کردنـەوەی قوتابخانـەو نەخۆشـخانەو تیمارگـەو خانوبەرەشـەوە. دانـانی پلانێکـی تایبـەتی بـۆ پێشخسـتنی ناوچـەکە لەهـەموو ڕویەکـەوە، بـۆ لابردنـی هـەموو ڕوکـاری دواکـەوتنو زیانێـك کـە لەکوردسـتان کـەوتووە بـەدیاریکردنی بودجەیەکی تایبەتی بۆی.

١٧- هەڵوەشـاندنەوەی مـەفرەزە تایبەتیـەکان (واتـە جـاش)و کۆکردنـەوەی هێزەکـانی سـوپا لەشـارو شارۆچـکەو دێهاتـەکان،

هەڵگرتنی ڕەبیەو سەربازەكان، تەنیا لەو شوێنانەدا بمێننەوە كەپێویستن بۆ بەرگریكردن دژی پەلاماردەرانی ئێرانی.

١٨- ڕێگەنەدان بەهێزەكانی سوپاو ئەمنو ڕێكخراوە حیزبیەكان بۆ دەستتێوەردان لەكاری هاووڵاتیانو دەرچونیان لەسنوری دەسەڵاتەكانیان، بەجۆرێك كە ڕێزی مافە دیموكراتییەكانی خەڵك بگرن.

١٩- بەزۆر نەكردنی هاوڵاتیان بەبەعسیو جەیشی شەعبی، نەبەستنەوەی (انتمای حزبی) هاووڵاتیان بەممارسەی مافەكانیان بۆ گەیشتن بەپلەو پایە.

## پرنسیپە گشتییەکانی یاسای
## ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق

**یەکەم: ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی:**

١- سەلماندنی مافی گەلی کورد لەحوکمکردنی ناوچەی کوردستانی عێراق، لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا، لەڕێی ئەنجومەنێکی یاسادانانەوە (تەشریعی) کەمەجلسێکی تەنفیزی بڕیارەکانی بەڕێوە دەبات.

٢- ئیش‌و کارەکانی سەرۆکایەتی دەوڵەت، بەرگری، دەرەوە، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی)، گومرك، نەوت‌و پیشەسازییە سەنگینەکان، بازرگانی دەرەوە، بانکەکان، دادپەروەری، پۆستەو تەلگراف‌و تەلەفۆن، هەمووی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە، جگە لەوانە چی هەبێ لەسنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمیداردا، دەکەوێتە ژێر دەسەڵات‌و بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە.

٣- جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ئاياری ١٩٧٠، بۆدان نان بەمافەکانی گەلی کوردا.

٤- ئەنجومەنی یاسادانان:

أ- هەڵبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان لەڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادو راستەوخۆو دیموکراتییەوە، بەبێ دەستێوەردانی هیچ کەسو تاقمو لایەنێك.

ب- ئەنجومەنی یاسادانان مافی دانانی ئەو یاسایانەی دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کەدەکەونە ژێر دەسەڵاتیەوە، کە لەمادەی دووەمدا هاتوون، بەمەرجێك لەگەڵ دەستوری وڵاتدا بگونجێن. خۆ گەر هاتوو نەگونجاندنێك هاتە پێش لەگەڵ یاساکانی دەوڵەتدا، ئەوا بۆ حەلکردنی پەنا دەبرێتە بەر ئەنجومەنی دەوڵەت، یان دادگای تەمیز.

٥- ئەنجومەنی راپەڕاندن (تنفیذی):

أ- ئەنجومەنی راپەراندن لەسەرۆکی ئەنجومەن پێکدێت کەسەرۆك کۆمار لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی هەڵبژێردراو هەڵی دەبژێرێت، لەگەڵ جێگری سەرۆكو چەند ئەندامێکی تر بۆ بەڕێوەبردنی دەستوریو دیموکراتیانەی ئەمانەتەکان کەلە داهاتوودا باسی دەکەین.

ب- ئەمینداریەکانی ئەنجومەنی راپەراندن پێکدێن:

١- ئەمینداریێتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ.

٢- ئەمینداریێتی تەندروستی.

٣- ئەمینداریێتی پەروەردەو فێرکردن.
٤- ئەمینداریێتی رۆشنبیریو راگەیاندن.
٥- ئەمینداریێتی کاروباری ناوخۆ.
٦- ئەمینداریێتی ئەوقاف.
٧- ئەمینداریێتی لاوان.
٨- ئەمینداریێتی شارەوانیو دێهات.
٩- ئەمینداریێتی بازرگانی ناوخۆ.
١٠- ئەمینداریێتی کاروباری کۆمەلآیەتی.
١١- ئەمینداریێتی گواستنەوەو هاتوچۆ.
١٢- ئەمینداریێتی کار.
١٣- ئەمینداریێتی پیشەسازییە ناوچەییو سوکەکان.
١٤- ئەمینداریێتی تەموین.
١٥- ئەمینداریێتی پەرەپێدانو ئاوەدانکردنەوە.
١٦- ئەمینداریێتی گەشتو گوزارو هاوینە هەوارەکان.
١٧- ئەمینداریێتی اسکانو تعمیر.
١٨- ئەمینداریێتی دارایی.
١٩- ئەمینداریێتی ئاودێری.

ج- ئەنجومەنی (راپەراندن) دەسەلآتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێ لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا.

د- سەرۆكی ئەنجومەنی (راپەراندن) پلەی جێگری سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی دەبێو ئەمیندارەكانیش پلەی وەزیر، مافی ئامادەبونی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیرانیشیان دەبێ.

هـ- سەرەك كۆمار مافی چاودێری بەڕێوەبردنی كارەكانی نێوان ناوچەی ئۆتۆنۆمیو دەوڵەتی هەیە.

**دووەم: ناوچەی ئۆتۆنۆمی:**

ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەم پارێزگایانە پێكدێ:

أ- هەولێر

ب- سلێمانی.

ج- دهۆك كەئەم قەزایانەش دەگرێتەوە: ئاكرێ، شێخان، شنگار.

د- دانانی پارێزگایەكی نوێ یان زیاتر كەئەم قەزایانە بگرێتەوە بو هەموو ناحیەو ناوچەكانیانەوە:

١- كفری.

٢- توز.

٣- داقوق.

٤- كەلار.

٥- مەندەلی.

٦- خانەقین.

٧- ئاڵتون کۆپری.

٨- قادر کەرەم.

٩- قەرەهەنجیر.

١٠- لەیلان.

## سێهەم: زمان

أ- خوێندنی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی سەرەکی لەهەموو قوتابخانـەکانی کوردسـتاندا. زمـانی عـەرەبی زمـانی وتووێـژو نامەکاری نێوان دەزگاکانی دەوڵەتو ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێ.

ب- زمانی کوردی، زمانی رەسمی نێوان دەزگاکانی ناوچـەی ئۆتۆنۆمییەو لەگشت دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیەکاندا بـەکار دەهێنـرێ. هـەروا لەگشـت قوتابخانـەو ئامۆژگـاو زانکۆکانـدا بـە رەچاوکردنی مافی کەمە نەتەوەییەکانی ناوچەکە خوێنـدن بـە زمانی زگماکی خۆیان شان بەشانی زمانی عەرەبیو کوردی.

## چوارەم: بودجە

ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی بودجـەی تایبـەتی خـۆی دەبـێ، بـۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە. ئـەم بودجەیـە ئەنجومـەنی راپەرانـدن دایـدەنێو ئەنجومـەنی یاسـادانان بڕیـاری لەسـەر دەداو سـەرەك کۆمـار بـەپێی مـادەی هەشتەمی یاساکە بڕیاری لەسەر دەدا.

## پێنجەم: مافی کەمە نەتەوەکان

عەرەبەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو کەمـە نەتەوەییـەکانی دی هەموو مافە رۆشنبیریو ئیدارییـەکانی خۆیـان دەبـێ، هـەروەها مافی نوێنەرایەتییان دەبێ لەئەنجومەنی یاسادانانو دەزگاکـانی تری ئۆتۆنۆمیدا.

## یاسای هەموارکراوی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

### بابی یەکەم: ناوەڕۆك و پرینسیپەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی.

### بەشی یەکەم: پرینسیپە گشتیەکان.

### مادەی یەکەم:

أ- ناوەڕۆکی یاسای ئۆتۆنۆمی:

سەلماندنی مافی گەلی کورد لە حوکمکردنی ناوچەکەیدا، لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا، لەڕێی ئەنجومەنی یاسادانان و راپەڕاندنەوە.

ب- هەروەك چۆن لەم یاسایەدا هاتووە کوردستان ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیدار دەبێ و پێی دەوترێ ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ج- ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەم پارێزگاو قەزاو ناحیانە پێکدێ:

١- پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆك.

٢- قەزاکان و ناحیەکانی: ئاکرێ، شنگار، شێخان، زمار، توز، کفری، داقوق، خانەقین، مەندەلی، ئالتون کوپری، قادر کەرەم، قەرەهەنجیر، لەیلان.

د- ناوچەکە لەیەك یەکەی (وەحدەی) ئیداری پێکدێ، کەشەخسیەتێکی ئۆتۆنۆمیدارە، لەچوارچێوەی یەکێتی

یاسـایی‌و سیاسـی‌و ئـابووری کۆمـاری عێراقـدا، بـەپێی یاسـای پارێزگاکـانی عێـراق بەڕەچـاو کردنـی یاسـای دەسـکاریکراوی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان.

هـ- ناوچـەکە بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـەخاکی عێـراق‌و گەلەکەشـی بەشـێکی جیانەکراوەیـە لەگـەڵی عێـراق، هـەولێر پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیە.

و- دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی بەشـێکن لـەدەزگاکانی کۆمـاری عێراق.

**مادەی دووەم : زمان**

أ- زمـانی کـوردی، زمـانی سـەرەکی ناوچـەکەیە، لەهـەموو دائـیرە رەسمـی‌و نیمچـە رەسمـی‌و دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی‌و قوتابخانەو ئامۆژگاکان‌و لەهـەموو قۆناغـەکانی خوێنـدنا بـەکار دەهێنرێ. بەڕەچاو کردنـی مـافی کەمـە نەتـەوەکان لەخوێنـدن بەزمانی زگماکی خۆیان شان بەشانی زمانی کوردی‌و عەرەبی.

ب- زمـانی عـەرەبی وەکـوو زمـانێکی سـەرەکی لەهـەموو قۆناخـەکانی خوێندنـدا دەخـوێنرێ. هـەروا زمـانی ئاخـاوتنی نێوان دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و دەوڵەت دەبێ.

ج- دانیشتوانی ناوچەکە مافی خوێندنیان هەیە، بەهەر زمانێك کەدەیانەوێ، بەبێ رەچاوکردنی زمانی زگماکی.

د- خوێندن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، بەپێی یاسای گشتی خوێندن دەبێ لەعێراقدا، بەرەچاوکردنی تایبەتی ناوچەکە.

**مادەی سێهەم:**

أ- مافو ئازادییەکانی برا عەرەبو کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە بەپێی دەستور پارێزراوە، ئیدارەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی مافی بەکاربردنی ئەو مافەیان بۆ دابین دەکا.

ب- عەرەبەکانو کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە مافی بەشداریکردنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیان هەیە بەپێی رێژەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکەو بەشداری لەبەرێوەبردنی کارەکانی ناوچەکەدا ئەکەن بەپێی ئەو رێژەیە، بەرەچاوکردنی تواناو لێوەشاوەییان.

مادەی چوارەم: داوەری

داوەری بەپێی یاسا سەربەخۆیەو داوەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەشێکە لەداوەری کۆماری عێراق.

## بەشی دووەم: پرینسیپەکانی دارایی

### مادەی پێنجەم:

دارایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکەیەکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی یەکەی دارایی دەوڵەتدا.

### مادەی شەشەم:

ناوچەی ئۆتۆنۆمی بودجەی تایبەتی خۆی دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کە بەدەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەسپێردرێن، ئەم بودجەیە لەلایەن ئەنجومەنی راپەڕاندنەوە دادەنرێو سەرەك کۆمار بڕیاری لەسەر دەدا.

### مادەی حەوتەم:

بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١- بودجەی ئاسایی.
٢- بودجەی ساڵانەی بەگەڕخستن (استثمار).
٣- بودجەی موئەسەسەو کارگەکانو بەرژەوەندییە بەرهەمهێنە (المصالح الانتاجية) ناوچەییەکان.

٤- بودجەی ئیدارە ناوخۆیی (الادارە المحلیە)و شارەوانیو هاوینەهەوارەکانی ناوچەکە.

**مادەی هەشتەم:**

بودجەی ناوچەکە لەم لایەنانەی خوارەوە پێکدێ:

أ- دەسکەوتی ناوخۆیی کەبریتیە لە:

١- داهاتی باجو باجی کاروباری ناوچەکە (الضرائب والرسوم) بەدەسکەوتی باجی شارەوانییەکانیشەوە (الرسوم البلدیة).

٢- نرخی فرۆشیاری (مبیعات)و کرێی خزمەتگوزارییەکان.

٣- بەشی دانراوی ناوچەکە لەقازانجی (مصالح)و موئەسەسەکانی سەر بەبودجەی ناوچەکە.

٤- باجی زەویو زار.

٥- باجی زەوییە کشتو کاڵیەکان، بەبەشی ریفۆرمی کشتوکاڵیشەوە لەبەروبومە کشتوکاڵیەکان.

٦- باجە سەرەکییەکانو (اضافی) زەویو خانوبەرە.

٧- باجەکانی پاش مەرگ (ترکات).

٨- رەسمی دائیرەکانی تاپۆ.

٩- رەسمی ناونوسکردنو گۆڕینی خاوەنداریێتی ئوتۆمبێل.

١٠- ئـەو قـەرزو بەخشـەندەگییانەی (مـنح) کەدەوڵـەت پێشکەش بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکا.

١١- پارەی پولی مالی.

**ب-** دانانی رێژەیەك کە لە٢٥٪ میزانیەی ئاسایی دەوڵەتو پرۆگرامـی پەرەپێـدان کـەمتر نـەبێ بـۆ راپەڕانـدنی پێداویستیەکانی ناوچەکە. بەرەو پێشکەوتنو گەشەکردنی شان بەشانی هەموو عێراق.

**مادەی نۆهەم:**

ژمێریـاریی (حسـاباتی) ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی دەکەوێتـە ژێـر چاودێری سەرۆکایەتی چاوەدێری مالی گشتییەوە.

**بـابی دووەم: دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیو دەسەلاتەکانیان.**

دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی تێکـڕای کارەکـانی ناوچـەکە بـەڕێوە دەبــەن جگــە لــەکاروباری ســەرۆکایەتی دەوڵــەت، بــەرگریو کاروبـاری دەرەوە. دارایـی گشـتی، (تخطـیط مرکـزی)، گـومرك، نەوتو پیشەسازییە سـەنگینەکان، بازرگـانی دەرەوە، بانکـەکان،

دادپـــەروەری، پۆســتەو تــەلگراف و تەلـەفۆن، کەدەکەونــە ژێــر دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە.

## بەشی یەکەم: ئەنجومەنی یاسادانان

### مادەی یەکەم:

ئەنجومــەنی یاســادانان، ئــەو ئەنجومەنەیــە کــە لەلایــەن هاووڵاتیــانی ناوچــەکەوە بــەپێی هەڵبــژاردنێکی دیمـوکراتیو سەربەستو راســتەوخۆو بــەبێ دەســتتێوەردانی هـیچ لایـەنێك، هەڵدەبــژێرێ. بــەپێی یاســا چــۆنیەتی کــارکردنو رێکخســتنو مەرجەکانی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێ.

### مادەی یانزەهەم:

أ- ســەرۆکی ئەنجومــەنو جێگرەکــەیو رازگــری ئەنجومــەن (امــین ســر) لــەنێوان ئەندامــەکانی ئەنجومــەنی یاســادانان هەڵدەبژێردرێن.

ب- کۆبونــەوەکانی ئەنجومــەن بــەئامادەبوونی زۆربــەی زۆری ئەنــدامان دەبەســترێ، هــەروا بڕیارەکــانی بەزۆربــەی دەنگــی ئامـادەبوان دەدرێ. ئەگـەر یاسـای ئەنجومـەن پێچـەوانەی ئـەوە نەبێ.

ج- دەرکردنــی بڕیــاری تایبــەت بەناوچــەکە لــەو کارانــەی کەدەکەونــە ژێــر دەســەڵاتییەوە، بــەبڕیاری تایبــەتی دەربــارەی بــاج و دەســکەوتی ناوچــەکە، بەمــەرجێك دژایــەتی دەســتوورو پرینسیپە سەرەکیەکانی یاسای دەوڵەت نەکەن.

د- دانــان بــەپیلانی پەرەپێــدانی ناوچــەکە، کەئەنجومــەنی راپەراندن ئامادەی دەکا.

هـ- دەرکردنــی بڕیــاری پێویســت دەربــارەی بــەڕێوەبردنی دائــیرە رەسمــیو نیمچــە رەسمــیو موئەسەســەو دامــەزراوەکانی ناوچەکە.

و- بڕیاردان لەسەر بودجەی ناوچەکە.

ز- گفتوگۆو لێپرسینەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی راپەڕاندن لەکارەکانیاندا.

ح- دەرکردنــــی بڕیــــاری متمانــــەپێکردنی ئەنجومــــەنی راپەڕاندن، بەیەکێ یان زیاتر لەئەندامەکانی و لابردنی هەر چ ئەندامێك کە متمانــەپێکردنی نــەمێنێ، بڕیــاری وەرگرتنــەوەی متمانــە لــە ئەنــدامانی ئەنجومــەنی راپەڕانــدن، بــەزۆری دەنگــی ئەندامانی ئەنجومەن دەدرێ.

ط- بڕیارەکــانی ئەنجومــەنی یاســادانان، بــەبڕیاری یاســایی دەژمێردرێ.

**مادەی دوانزەهەم:**

أ- ئەنجومـەنی راپەڕانـدن، دەسـتەی راپەڕێنـەری کاروبـاری ئۆتۆنۆمییە لەناوچەکەدا.

ب- ئەنجومـــەنی راپەڕانـــدن، لەســـەرۆکی ئەنجومـــەنو جێگرەکـەیو چـەند ئەنـدامێك، کـەژمارەیان بەقـەدەر ژمـارەی ئـەو ئەمانەتانـەن یـان دوو ئەنـدام زیـاتر لەبڕگـەی (ح)ی ئـەم ماددەیەدا دێن، پێکدێت.

ج- سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن لەلایەن سەرەك کۆمارەوە دەسـت نیشـان ئـەکرێ، کەیـەکێك لەئەندامـەکانی ئەنجومـەنی یاسـادانان دەبـێ و ئەنجومـەنی راپەڕانـدن بـەپێی دەسـتوورو بەشێوەیەکی دیموکراتی دادەنرێ.

د- ســـەرۆکی دانـــراوی ئەنجومـــەن، جێگرەکـــەیو بـــاقی ئەندامەکانی ئەنجومەن لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان یان ئەوانەی مـەرجی ئەندامـەتیان هەیـە، هەڵدەبـژێرێو داوای متمانـەی ئەنجومـەنی یاسـادانان دەکـا، پـاش متمانـە پێکردنـی ئەنجومـەنی یاسـادانان، بڕیـاری کۆمـاری لـەدانانی ئەنجومـەنی دەدرێ.

هـ- سەرۆكی ئەنجومەنی راپەڕاندن، جێگری سەرەك وەزیرانو ئەندامەكانی وەك وەزیر دەبن لەدەوڵەتدا، مافی ئامادەبوونی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە.

و- سەرەكی ئەنجومەنی راپەڕاندن، دەسەلاتی سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی هەیە لەناوچەكەدا، ئەنجومەنیش دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە لەناوچەكەدا و مافی دەركردنی پرۆگرامی تایبەت بەناوچەكەیان هەیە.

ز- ئەندامانی ئەنجومەنی راپەڕاندن (ئەمینداره گشتییەكان) دەسەلاتی وەزیریان هەیە لەكارەكانی ئەمانەتەكاندا.

ح- ئەم ئەمانەتانەی خوارەوە سەر بەئەنجومەنی راپەڕاندن دەبن:

١- زەوی (ئاودێری).

٢- ناوخۆ.

٣- پەروەردەو فێركردن.

٤- رۆشنبیریو راگەیاندن.

٥- اسكانو تعمیر.

٦- كشتوكاڵو ریفۆرمی كشتو كاڵ.

٧- پیشەسازییە ناوچەییو سوكەكان.

٨- گواستنەوەو هاتوچۆ.

٩- لاوان.

١٠- شارەوانی.

١١- گەشتو گوزارو هاوینەهەوارەکان.

١٢- بازرگانی ناوخۆ.

١٣- ئەوقاف.

١٤- کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

١٥- تەندروستی.

١٦- تەموین.

١٧- پەرەپێدان.

١٨- دارایيو کاروباری ئابوری.

ط- تێکڕای دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو موئەسەسەو دامەزراوەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان دەبێ بەئەمانەتەکانەوە لەناوچەکەدا.

ی- سەرەك کۆمار سەرپەرشتی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ئەکا، بڕیارەکانی ئەنجومەنی راپەڕاندنیش بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق دەنێرێ.

ك- سەرەك کۆمار دەتوانێ سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن لەکار بخا، بەمەش ئەنجومەنی راپەڕاندن هەڵدەوەشێتەوە.

ل- لـەکاتی هەڵوەشـاندنەوە یـان متمانـە لێوەرگرتنـەوەی ئەنجومـەنی راپەڕاندنـدا، ئەنجومـەن بـەردەوام دەبـێ لەسـەر راپەڕاندنی کارەکانی، تا دانانی ئەنجومەنێکی نوێ، بەمـەرجێك ئەو ماوەیە لە ١٥ رۆژ زیاتر نەبێ.

**مادەی سیانزەهەم:**

تێکـڕای ئـەو یاسـایانە هەڵدەوەشـێتەوە کەپێچـەوانەی ئـەم یاسایەن‌و تەنها بەم یاسایە کار دەکرێ.

**مادەی چواردەهەم:**

أ- پارێزگاکانی ناوچەکە پەیوەندیان بەسەرۆکی ئەنجومـەنی راپەڕاندنەوە دەبێ.

ب- ئـەمنی نـاوخۆ (الامـن الـداخلي)ی ناوچـەکەو تێکـڕای هێزەکانی پاراستنی ئاسایش پەیوەندیان بەئەمانـەتی نـاوخۆوە دەبێ.

ج- ئەنجومەنی راپەڕاندن بە راپەڕاندنی کارەکانی سوود لـەو مەکتەبانە (مکاتب) وەردەگرێ:

١- مەکتەبی ئەنجومەنی راگەیاندن.

٢- مەکتەبی پشکنین‌و (متابعه).

٣- مەکتەبی (احصاء)و پلان.

**مادەی پانزەهەم:**

ئەنجومەنی راپەڕاندن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێ:

أ- مسۆگەرکردنی کارکردن بەیاساکان لەناوچەکەدا.

ب- ئیلتیزامکردن بەبڕیارەکانی داوەری.

ج- پاراستنی دادپەروەریو ئەمنو ئاسایشی ناوچەکەو پاراستنی داوو دەزگا نیشتمانیو ناوچەییەکان.

د- دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی تایبەت بەناوچەکە.

هـ- ئامادەکردنی پلانی گشتی دەربارەی کاروباری ئابوریو کۆمەڵایەتیو پرۆژەکانی پەرەپێدانو کاری پەروەردەو فێرکردنو خوێندنی باڵاو تەندروستیو کار، بەشێوەیەك کەلەگەڵ پلانی گشتی دەوڵەتدا بگونجێ، پاشان بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان بۆ بڕیار لێ دانی.

و- دانانی ئەو موچەخۆرانەی کەبەبێ بڕیاری کۆماری دادەنرێن بەپێی یاسای (قوانین الخدمة والملاك)و یاسای تایبەتیان بەسەرا دەچەسپێنێ.

ز- لەو ناوچانەی کەزۆربەی دانیشتوانی کوردە بەڕێوەبەرانی کورد دەبن، بەرەچاوکردنی مادەی سێهەمی ئەم یاسایە.

ح- بەڕێوەبردنی میزانیـەی ناوچـەکە بـەپێی یاسای تایبـەتی دەوڵەت.

ط- ئامـــادەکردن‌و بەرزکردنـــەوەی راپـــۆرتی تایبـــەت دەربارەی ناوچەکە بۆ سەرەك کۆمارو ئەنجومەنی یاسادانان.

## بابی سێهەم: پەیوەندی نێوان دەوڵەت‌و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی.

### مادەی شانزەهەم:

جگە لەو دەسەڵاتانەی کەدەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەناوچەکەدا هەیانـە، بـاقی کارەکـان لەسەرانسـەری عێراقـدا دەکەونـە ژێـر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە.

### مادەی حەڤدەهەم:

أ- دائیرەکـــانی دەوڵـــەت لەناوچـــەکەدا، ســـەر بەوەزارەتـــە تایبەتـەکان دەبـن‌و کارەکانیـان تـەنها لەسـنوری دەسـەڵاتیان ئـەنجام ئـەدەن، دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی مـافی نـاردنی راپۆرتیـان هەیە بۆ وەزارەتەکان لەسەر ئەو دائیرانە.

ب- دانانو لابردنو نەقڵ کردنی سەرۆکی ئەو دائیرانەی کەلە برگەی (ا)دا هاتوون، بەدەست وەزیری تایبەتمەند دەبێ، پاش پرسو ڕا پێکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان.

ج-دانانو نەقڵ کردنی کارمەندەکانی ئەو دائیرانەی لەبرگەی (ا)دا هاتوون بەبێ بڕیارو ئەو دەسەلاتانە دەبێ کەلەکۆماری عێراقدا کاریان پێ دەکرێ، بەرەچاوکردنی برگەکانی پێشوو.

ح-دەوڵەت لەسنوری دەسەلاتیا دەتوانێ ریفۆرمی ئیدارە ناوچەییەکان (الادارة المحلية) بکات کەلەمادەی دوانزەهەم دا هاتوون.

**مادەی هەژدەهەم:**

أ- دادگایەکی بالای دەستوری چاودێری بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکا.

ب- وەزیری دادپەروەری دەتوانێ رەخنە لەبڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بگرێ لەماوەی ٣٠ رۆژدا لەبەردەم دادگایەکی بالای دەستوریدا پاش ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت لەو بڕیارانە.

ج-لـەکاتی رەخنـەگرتن لـەبڕیارەکانی دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی لەبـەردەم دادگـای دەسـتوریدا، ئـەو بڕیـارە رادەگـیرێ تاکـاتی دەرکردنی بڕیاری دادگا.

د- دادگـای دەسـتوری دەبـێ لـەماوەی ٣٠ رۆژدا بڕیـاری خـۆی لەبڕیارە رەخنە لێگیراوەکان بدا، و بڕیارەکانیشی یەکجارییە.

ه- بڕیارەکـانی دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی، پـاش ئـەوەی دادگـای دەسـتوری بڕیـاری کـار پـێ نـەکردنی دەدا، بەهەڵوەشـاوە دەژمێـردرێ لەگـەڵ هەرچـی شـتێکی پەیوەندیـدار بـەو یاسـایە (علی ازالة جمیع الاثار القانونیة المترتبة علیها).

و- دادگـای بـاڵای دەسـتوری چـاودێری دروسـتی یاسـاو بڕیارەکـانی دەوڵـەت دەکـا، تـا لەگـەڵ بڕیارەکـانی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیدا دژ نەبن.

ز- سـەرۆکی ئەنجومـەنی یاسـادانان مـافی رەخنـەگرتنی ئـەو یاساو بڕیارانەی هەیە کە لەدەوڵەتی مەرکەزییـەوە دەردەچن‌و دژی یاساو بڕیارو دەسەڵاتە پێدراوەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمین لەبەردەم دادگای باڵای دەستوریدا.

ح-بڕگـەکانی (ج)و (د)و (ه)و (و) بەرچـاو دەگیرێـن لـەکاتی رەخنەگرتن‌و بڕیار لێدان لەبڕیارەکاندا.

**مادەی نۆزدەهەم:**

أ- سەرۆك كۆمار دەتوانێ ئەنجومەنی یاسادانان هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر نەیتوانی كارەكانی بەڕێوە ببات، یان بەهۆی (ئیستیقالەی) نیوەی ئەندامانی، یان نەبوونی (نصابی قانونی) لەكاتی كۆبونەوەدا لەماوەی ٣٠ رۆژدا، یان بەهۆی متمانە پێ نەكردنی دوجار لەسەریەك، وەك چۆن لەبرگەی (د)ی مادەی دوانزەهەم دا هاتووە، یان لەكاتی بەجێ نەهێنانی بڕیارەكانی (هیئة الرقابة) بەپێی مادەی هەژدەهەمی ئەم یاسایە.

ب- لەكاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانانەدا، ئەنجومەنی راپەراندن بەردەوام دەبێ لەسەر كارەكانی تا كاتی هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنێكی نوێ لەماوەی (٩٠) رۆژدا لەرۆژی دەرچونی بڕیاری كۆماری بەهەڵوەشاندنەوەی.

**مادەی بیستەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوبونەوەی كاری پێ دەكرێت.

دەربارەی ئاساییكردنی بارودۆخی شاری كەركوك و كردنی بەشاری برایەتی هاوخەباتی نێوان كوردو عەرەب و توركمان، شاری پاراستنی یەكێتی نیشتمانی عێراق:

**یەکـەم**: گەڕاندنـەوەی فەرمانبـەرو موچـەخۆرو کرێکـارە دەرکـراو خانەنشـین کـراو عـەزل کـراوو دەسـت پـێ لـەکار هەڵگرتووو نەقڵ کراوەکان بۆ پارێزگاکانی تـر، گەڕاندنـەوەیان بۆ کارەکانیان لەشاری کەرکوکدا، هەروەها گەڕاندنەوەی هەموو ئەوانەی لەکەرکوك دەرکراون بۆ شوێنەکانی خۆیـان و پاداشت دانـەوەیان لەهـەموو زیـانێکی لێیـان کـەوتووەو ئامـادەکردنی خانوبـەرەی بـاش بۆیـان، هـەروەها گێڕانـەوەی هـەموو قوتابیـە دەرکـراوو نـەقڵ کراوەکـان بـۆ قوتابخانـەکانیان، بەمـەرجێك ماوەی دورکەوتنەوەیان بەدەرنەچون نەژمێردرێت.

**دووەم**: هەڵوەشـاندنەوەی هـەموو بڕیارەکـانی دەسـت بەسەراگرتن (مصادرة وحجـز)ی پـارەو نەختینـەو خانوبـەرەو زەوی‌و زاری هاووڵاتیە کوردەکان و گێڕانەوەیان بۆیـان، لـەکاتی فەوتانی دا پاداشت دانەوەیان.

**سێهەم**: گێڕانەوەی جوتیارە کوردە دەرکراوەکان بۆ دێهاتو دەروپشتی شاری کەرکوك‌و پاداشت دانەوەیان لەهەموو زیانێکی کەلێیان کەوتووە.

**چوارەم**: هەڵوەشاندنەوەی بڕیـاری چاودێری (رفـع الخطـر) هەموو هاووڵاتییە کوردەکان لەشاری کەرکوك‌و دەوروپشتی.

**پێنجەم**: هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری چاودێری (رفع الخطر) هاووڵاتیە کوردەکان لەتێکڕای دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو لەکەرتی دەوڵەتیو تێکەڵاوو تایبەتی ناو شاری کەرکوك.

**شەشەم**: (رفع القید) رێگەدان بەهاووڵاتییە کوردەکان لەکڕینو فرۆشتنو بیناکردنو زەویو زارو خانوبەرەو شتی تر لەناو شاری کەرکوكو دەوروپشتی بەبێ دەستتێوەردانی دەزگاکانی ئەمنو لایەنەکانی تر.

**حەوتەم**: کردنەوەی خوێندن بەکوردی لەگشت قوتابخانەو گەڕەکە کوردییەکاندا.

**هەشتەم**: ئازادکردنی رێکخراوە پیشەییو سەندیکا سیاسیو هونەریو ئەدەبیو کۆمەڵایەتییەکان لەشاری کەرکوکدا.

**نۆهەم**: نەهێشتنی امتیازاتی هاووڵاتییە عەرەبەکان بۆ نیشتەجێ بوون لەشاری کەرکوکداو هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارێکی بەزۆر بەعەرەب کردنو نیشتەجێ کردنی بەزۆر.

**دەهەم**: کردنەوەی ناوی گەڕەكو قوتابخانەو پێشانگاو دێهاتە کوردییەکان، کەناوەکانیان گۆڕدراوە، بەناوی کوردی.

**یانزەهەم:** ڕەچاوکردنی هاوکێشەی نەتەوەیی لەوەرگرتنی کار لەدائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو باقی دامەزراوەکانی کەسەر بەدەوڵەتن.

**دوانزەهەم:** هاووڵاتیە تورکمانەکان هەموو مافەکانی برا عەرەبو کوردەکانیان هەیە لەشاری کەرکوكو دەوروپشتیدا.

# بڵاوكراوەكانی
# ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
# ساڵی (٢٠١١ - ٢٠١٢)

| ژ | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | پێگـــەی میـــدیا لەهەڵبـــژاردنی سەرۆكایەتی ئەمریكادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٢٦ | مميزات النظام الفـدرالي في العـراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٢٧ | جیهانگیری ، فاكتـەرو گرفتـەكانی دیموكراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٢٨ | پەیـدابونی عەلمانیـەت لـەتوركیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٢٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتـدا(ژ. ز. هۆشـیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٣٠ | سیاســـەتی روســـیای قەیســـەری بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار كەمال كوردی | ٢٠١١ |
| ٣٣١ | المحطات، اثـرت في حيـاة الكـورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٣٢ | كورتە باسێكی | ن. دەیڤد میلەر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | فەلسەفەی سیاسی | و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٣٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٣٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٣٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٣٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٣٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٣٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٣٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٤٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٤١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٤٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی | ن. عەبدوڵلا عەنزی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | و. سەردار عبدالكريم | |
| ٣٤٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٤٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٤٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٤٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٤٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٤٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٤٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٥٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٥١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٥٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٥٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٥٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٥٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٥٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٥٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٥٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٦٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٦٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٣٦٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٣٦٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٣٦٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٦ | جیهــانگیری‌و کاریگــەری لەســەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | بەشــداری سیاســی، چــەمك‌و گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | (S.I) ڕێکخــراوی سۆسیالیســت ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | پــۆلێنکردنی هەڵوێســتەکان پــێش پرۆســەی هەڵبــژاردن‌و دەنگــدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | بــەهاری عــەرەبی‌و نــەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە عوســان حەمــە ڕەشــید گورون | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابـراهيم احمد في العراق الجمهوري ز. هۆشیاری، ذ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | کــوردو تورکمــان، تێڕوانینێــك بــۆ میکانیزمــەکانی پێکــەوە ژیــانی ئاشــتیانەی نێوانیــان، ز. هۆشــیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | عەلمانیــــەت چـــیە؟ مانـــاو | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | پێنج لێكۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکریی سێیەمین کۆنگرێ (ی.ن.ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٥ | فەرهـــەنگی ئاڤێســـتا (روســـی – کوردی) | ئامادەکردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٣٨٨ | کـــورد لەســـوریاو ئاوەربایجـــانو ئەرمەنســـتان/ ز. نلمیلکـــەی کـــورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر ل. یالچین هێگمان و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هـەڤاڵ عیمـاد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٣٩٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٣٩١ | المحكمة الجنائيـة العراقيـة العليـا دراسة في مبادىء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٣٩٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطـوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٣٩٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٣٩٤ | کـوردانی سـوریا لـەژێر دەســەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ و. لەئەڵمانیەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٣٩٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسـییەکانو هاوکێشـە | چـاوپێکەوتنێک لەگـەڵ | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | نوێیەکان | هەڤاڵ مەلا بەختیاردا | |
| ٣٩٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٣٩٧ | كردستان ككيان ضمنه الخطة الدولية بداً من جنوبها | المحامي/ الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٣٩٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٣٩٩ | ئێزدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٠٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمانو ماتیاس شیلین<br>و: حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٠١ | کێشەکانی هزری ئایینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٠٢ | پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٠٣ | دیموکراسیو دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەڕوانگەی مەلا بەختیارەوە | سەردار عەبدولکەریم مەجید | ٢٠١٢ |
| ٤٠٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا ز. هوشیاری ژ. (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٠٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرەنەتەوەیی، ز. هۆشیاری ژ. (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٠٦ | مێژووی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٧ | باشــوری ســودان ز. هۆشــیاری ژ. (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٠٨ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٠٩ | الاكراد والديمقراطية والاندماج<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٥) | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤١٠ | زمــانی کــوردی لەدەســتورەکانی عیراقدا<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٦) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤١١ | رۆڵــی ژنــان لەپەرەپێــدانی کــاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نموونە<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤١٢ | ئارام‌و رۆڵی لەبزوتنەوەی سیاسیدا<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٨) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤١٣ | چـــەپکە گـــوڵ: قەفتەیـــەك ژ ســـەروەری‌و هەڵویســـتێن ئێکـــەتی نیشتمانی کوردستان<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عبدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤١٤ | توماس هوبز وفلسفته السياسية | احسان عبدالهادی النائب | ٢٠١٢ |
| ٤١٥ | حزب‌و رێکخراوە سیاسییەکان | محەمەد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤١٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤١٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراق‌و سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٨ | پرۆیسترۆیکا بن لادن‌و مۆنیکا (نوسین، ئامادەکردن، وەرگێڕان) | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤١٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٢٠ | دەوڵەتی عوسمانی‌و عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور | خالید مەحمود کەریم | ٢٠١٢ |
| ٤٢١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار) ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا) | و. رەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٢٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٢٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٢٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محەمەد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٢٥ | ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٢٦ | الدور الامريكي في بناء الشعوب من المانيا الي العراق | ت: نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |
| ٤٢٧ | دەربارەی شێوەی ئاسیایی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٢٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسول | ٢٠١٢ |
| ٤٢٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٠ | دیپلۆمات و دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية<br>نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | رۆڵی (ی. ن. ك)<br>لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی<br>کوردستان، نامیلکەی ژمارە (٥١) | ئەنوەر حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی<br>هەرێمی کوردستان/ نامیلکەی<br>هۆشیاری ژمارە (٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | النظم الانتخابية ونظام انتخاب<br>مجلس المحافظات العراق واقليم<br>كردستان<br>نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن<br>زنجیرەی نامیلکەی هۆشیاری ژمارە<br>(٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي<br>والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری ژمارە<br>(٥٥) | د. اسماعيل نامیق | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | الطالباني وجائزة نوبل للسلام<br>نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٦) | یوناتا دیوخ موس | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | بەتایبەتکردن وەك میتۆدێکی<br>ریفۆرمی ئابوری، ژمارە (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئیسلامو مۆدێرنیتەی سیاسی | مۆریس بارییە | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | نامیلکەی هۆشیاری (٥٨) | | |
| ٤٤٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات<br>نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية التدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ | دلاوەر عوسمان مەجید | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٤٥ | بنەماکانی زانستە سیاسیەکان | ن: د. عبدالرحمن عالم<br>و: دلاوەر عبدالله<br>محمد كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٤٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەکانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | گەندەڵی (هۆمار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الفساد والأصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |